لە ڕۆژی جیهانی خۆبەخشاندا... سودانی دەستپێکردنی هەڵمەتی خۆبەخشی گەورە رادەگەیەنێت

ئەمڕۆ سێ شەممە، محەممەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵمەتی خۆبەخشی گەورە بەبەشداری 150 تیمی خۆبەخشی راگەیاند.

سودانی لەتویتێکدا ، نووسیویەتی لە ڕۆژی جیهانی خۆبەخشیدا، دەست خۆشی لە ئەو گەنجانە دەکەین لە ”هەڵمەتی خۆبەخشی گەورەدا“ کە ئەمڕۆ دەستی پێکرد بە بەشداری 150 تیمی خۆبەخش لە پارێزگا ئازیزە جیاوازەکانماندا.

هەروەها سەرۆك وەزیران سڵاو لەو کەسانە دەکات کە بە شێوەیەکی خۆبەخش خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن هەروەها هەموو ئەوانەی کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ خزمەتی گشتی.

لەکۆتایی دا دەڵێت،خۆبەخشەکان متمانە دروست دەکەن و گەلی عێراقمان نەیدەتوانی بەرەو پێشەوە پچێت و بە سەختترین کاتەکانیدا تێپەڕێت ئەگەر کاری خۆبەخشی ڕۆڵەکانی نەبوایە لە چالاکییە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکاندا.